پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی ئەنجام دەدا لە کاتێکدا ئومامەی کچی زەینەبی کچی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەباوەشیدا بوو

لە ئەبی قەتادەی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی ئەنجام دەدا لە کاتێکدا ئومامەی کچی زەینەبی کچی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەباوەشیدا بوو».
ولە ئەبی عاس کوڕی ڕەبیع کوڕی عەبدشەمس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) بۆ سوجدە بردن بچووایە؛ (زەینەبی) لەسەر زەوی دادەنا، وئەگەر لە حاڵی وەستان بووایە لە باوەشی دەکرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جاروبار بەهۆی سۆز وخۆشەویستی بۆ ئومامەی کچی زەینی کچی خۆی لە باوەشی هەڵیدەگرت لە کاتی نوێژکردندا، و لەسەر شانی دایدەنا لە کاتی وەستاندا، وئەگەر بچووایە بۆ ڕکوع بردن یان سوجدە بردن ئەوا لەسەر زەوی دایدەنا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3226